Sorani
Arbete åt alla

# کار بۆ هەمووان

رۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکەمان لاببەین، خراپتری بکەین؟ ئایا مۆدێلی سوێدیی پێشبخەین – یان وازی لێبهێنین؟

کارێك زیاترە وەك لەوەی کە هەر خۆراکی سەر سفرە بێت. کار هەستی بەخۆباوەڕبوون، هاوڕێی کار و هەل دەدات بۆ بەشدار بوون لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا. کار بۆ هەمووان لەبەرئەوە بۆ ئێمەی سۆشیالدیموکرات گرنگترین پرسیارە. لەبەرئەوەش هەموو ئەوانەی کار دەکەن لە سوێد دەبێت هاومەرج بن.

**هەمووان مافی هەبوونی کارێک و خۆبەخێوکردنیان هەیە**

ئەمڕۆ کاری نوێ پەیدا دەکرێت، بەڵام بە کاوەخۆ دەڕوات. لەبەرئەوە پاکەتێکی کاری گەورە دەخەینە گەڕ کە دەبێتە مایەی پەیدابوونی ٥٥ هەزار لە کار، شوێنی خوێندن و ئەزموونوەرگرتنی نوێ. لەو پاکەتەدا ٢٠ هەزار لەو کارە هەیە کە پێی دەگوترێت "پلوس یۆب plusjobb ".

لەو ڕێگایەوە بێکارانی لە مێژ بێکار پێیەکیان دەکەوێتە ناو بازاڕی کارەوە، هاوکات کە ئاستی چۆنایەتی کەرتی چاوەدێریی منداڵ. خوێندنگا و کەرتی چاوەدێریی بەساڵداچووان بەرز دەبێتەوە. ئەو پاکەتە هەروەها ١٠ (دە) هەزار جێگری خوێندنی تێدایە کە وا دەکات کە کارمەندانی نەخۆشخانە (vårdbiträden) بۆیان دەبێت بخوێنن و ببن بە بەردەستی پەرستیار (undersköterskor) هاوکات کە شوێن بۆ جێگرێکی نوێ چۆڵ دەکەن کە لە مێژە بێکارە.

نموونەی دیکە کە ئێمە چۆن دەتوانین هەل بڕەخسێنین کە خەڵکانێکی زێدەتر کاریان هەبێت:

- ٤٠٠٠ شوێنی پراکتیك بۆ ئەکادیمکان لە کۆمپانیای بچووکدا.
- ٣٣٣٠ کاری نوێ لە دامودەستگای دەوڵەتییدا کە یەکێك لە ئەرکەکانی دژایەتیکردنی تاوانکاریی ئابووری و ساختەی کۆمەك دەبێت.

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

- خەرجی خاوەنکار (Arbetsgivaravgiften) دەهێنرێتە خوار بۆ نێزیکەی ١٠٪ لە ناو یەك ساڵدا بۆ کۆمپانیایەکی یەك خاوەنیی کە یەکەم دامەزراوی خۆی دادەمەزرێنێت.
- ٥٠٠ شوێنی خوێندن دادەنرێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاری یارمەتیدان لە بواری چاوەدێریی تاوان، خانەوادەی چاوەدێری و خوێندن.
- ١٣٠٠٠ شوێنی کاری نوێ ئەم ساڵ ساز دەکرێت، ١٠٠٠٠ لە ساڵی ٢٠٠٧ دا.
- ١٧٥٠٠ شوێنی نوێ لە خوێندنگای باڵادا.
- ٣٠٠٠ شوێنی فێرکردن بۆ بێکاران لە نێوان تەمەنی ٢٠ و ٢٤ دا کە خوێندنی ئامادەییان تەواو نەکردووە.
- ١٠٠٠ شوێنی نوێ لە ناو بواری خوێندنی ڕشتەیی خاوەن بەڵگەدا.

## ژیانێکی کار کە پێش دەکەوێت، نەک کە سیوا بێنێتەوە

قەیرانی ساڵانی ١٩٩٠ تا ڕادەیەك کەوتە ئەو دیو گۆتوبێژی سەبارەت بە هەبوونی کارێکی باشەوە. ژمارەی جێگرانی سەر کار زێدەتر بوو، خشتەی کار خراپتر بوو و ڕاکەڕاك و شپرزەیی زیادی کرد. پاشان خۆنەخۆشکردنەکان بە دووایدا هات. یەك ساڵ کار دژ بە ناتەندروستیی لە ژیانی کاردا وای کرد کە ئێستا ئەو بازنەیە تێك شکێندراوە. نائامادەیی بە هۆی نەخۆشیەوە تا ساڵی ٢٠٠٨ دەتوانرێت نیوانیو بکرێت و دەشکرێت. بەرپرسیاریی خاوەنکار بە ڕوونیی دیاری کراوە و بنمیچی بیمەی نەخۆشیی لە هاوییندا بەرز دەکرێتەوە. قەرەبووی زیانی سەر کار (Arbetsskadeförsäkringen) باشتر کراوە و ژمارەیەکی زێدەتر لە کەمئەندامانی کار دەتوانن کاریان وەدەست بکەوێت و کۆمەکی زێدەتری مووچەش وەربگرن.

## دڵنیایی پێویستە هەم لە هەبوونی کاردا و هەم لە بەدواگەڕانی کاردا

هەموو کەسێك دەتوانێت دووچاری بێکاریی ببێت. ئەمە هەم دەروونیشە و هەم ئابووریش. ئەمە هەروەها خەسارەتێکیشە چ لەسەر سامانی مرۆڤیی و چ لەسەر سامانی ئابووریش. لەبەرئەوە زۆر پرد پێویستن بەرەو ژیانی کار. بەڵام هەروەها مافێکی کاری بەهێز پێویستە کە بتوانێت ڕێگا لە گۆترەمامەڵەکردن و لە هەڵاواردن بگرێت. ڕێککەوتننامەی کۆمەڵیی (kollektivavtal) پێویستە کە ببێتە مایەی مووچەی ڕەوا.

ئێمە دەمانەوێت دووبارە ڕێساکانی مافی سەرە (turordningsregler)، لە یاسای پارێزەی دامەزراندن LAS) دا بخەینەوە گەڕ و ئەو ڕێسایە لابەرین کە دەڵێت خاوەنکارێك کە دە (١٠) دامەزراوی هەبێت بۆی هەیە دوو کەس لە خزمەتی سەرەدا لە کاتی نەبوونی کاردا لاببات. ئێمە دڵنیایی دامەزراندن بۆ پشوودارانی بە باوکودایك بوو بەهێزتر دەکەین وا کە پشووی دایکوباوکایەتی وەك کاتی لە کارئیزندان بەکار نەهێنرێت. ئێمە دەمانەوێت وا بکەین کە کاری پڕ (تەواو) ببێت بە مافێك و نیوەکاریش ببێت بە هەل. ئێمە دەمانەوێت هەل بۆ پەیداکردنی کاری هەمیشەیی بڕەخسێنین و دەمانەوێت بنمیچی بیمەی بێکاری بەرزبکەینەوە تا هەرە زۆربە بتوانن لە سەددا ٨٠ (٪) لە مووچەی پێشوویان لە کاتی بێکارییدا وەربگرن.

## بەدیل (ئەڵتەرناتیف)

ئەو هاوپەیمانیەی کە مۆدێراتەکان ڕابەرایەتی دەکەن  بە داوای بیمەیەکی کاری تەواو خراپ و سیاسەتێکی بازاڕی کاری داوەشاوەوە ڕووبەڕووی مووچەخۆرانی سوێدی دەبێتەوە.

- مۆدێراتەکان دەیانەوێت ٨ ملیارد کرۆن لە سیاسەتی بازاڕی کار لا بدەن. ئەمە بەو مانایە دێت کە دەیانەوێت هەنگاوەچارەی بەکار لە سیاسەتی بازاڕی کاردا کەم بکەنەوە کە هەلێکی نوێ بە مرۆڤەکان دەدات کاریان دەست بکەوێت.
- مۆدێراتەکان دەیانەوێت پارەی قەرەبوو بۆ کەسێکی بێکار کەم بکەنەوە لە ڕێژەی لە ٨٠٪ لەمڕۆدا بەرەو ٦٥٪. هاوکات دەیانەوێت هەقمزەی سەر قەرەبووی بیمەی بێکاری (a-kassan) بە توندی زیاد بکەن. پارتە برژوازیەکان هەروەها پێشنیاری زێدەتریان هەیە بۆ خراپکردنی مافەکانی کار کە دیارە بە مانای نادڵنیایی زێدەتر دێت.
- ستراتیژیی و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاست ڕوونە – زیادبوونی نادڵنیایی و مووچەخۆری بێهێزبوو فشار دەهێنێتە سەر خەڵك کە کار بە مووچەی نزمتر و هەلومەرجی خراپتر وەربگرن. پێشنیارەکانی ئەوان خەڵکان ناچار دەکەن کار بە مووچەیەك وەربگرن کە ناتوانن خۆیانی پێ بەڕێوە ببەن.

بە هەڵکوتاندنە سەر بێکاران و نەخۆشان کار پەیدا ناکرێت. لە جیاتی کار پەیدابوون نادڵنیایی دەبێتە مایەی سنووربەندی و گەشە ڕاوەستاندن. کاتێك کە مرۆڤی نادڵنیا زۆر دەبن ئەوا ئازادی، داهێنان و باوەڕ بە ئاییندە ناتوانێت گەشە بکات.

**له سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟**

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 08-700 27 27 بکە